کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-7-2007 1:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕێبین هەردی... خۆت دامەبەزێنە... لالۆ ئەحمەد**

پێش دەستپێکردنی هەر وشەیەك پێم خۆشە ئەوە بخەمە ڕوو کە من وەك خۆم هەتا سەر ئێسقان دژی ڕاگرتنی "دراما" ی ئاریام و بووم، لەبەر یەك هۆکاری سەرەکی و سانا ئەویش هەڵقولاوی بڕوای خۆمە بە ئازادی بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکان، جا بەرهەمەکە چەند خراپ و بێ مانایش بێت، بەڵام بڕوام بەوە هەیە کە ئەو ڕاگرتنە تا ڕادەیەکی زۆر خزمەتی بە "دەرهێنەر" ی دراماکە کرد بەوەی کە ڕزگاریکرد لە گورزەیەکی باش ڕەخنە کە هەر لە ئەڵقەی یەکەمییەوە لێرەو ولەوی بۆی ئامادە کرابوو لە لایەن شارەزایانی هونەری و بینەرانەوە کە لەوانەیە ببوایە بە هۆکاری وازهێنانی یەکجارەکی لە مومارەسە کردنی ئەوەی کە خۆی ناوی دەنێت "دەرهێنان"...
من لەم کەین و بەینی نووسین و وەڵام دانەوە و کێبرکێیەدا، ڕێبین هەردی بە زەرەرمەند دەزانم، چونکە خۆی لە خۆیدا هێنانی ناوی هادی المهدی لە باسێکدا یان نوسینێکدا بەدوای ناوی ڕێبین هەردی دا گەورەترین قازانجە بۆ المهدی و گەورەترین زەرەرە بۆ ڕێبین، ئێمە وەك خوێنەر و وێڵی قەڵەمی جددی، وا ڕانەهاتوین کە ناوی ڕێبین لە هیچ بۆنەیەکدا لەگەڵ هادی المهدیدا هاو جێ بن، بەڵکو وا ڕاهاتوین کە لەگەڵ هێنانی ناوی ڕێبین دا چاوەڕێی ناوی هەندی ڕۆشنبیر و بیرمەندی هاوشانی خۆی دەکەین وەك مەریوان و بەختیار و ئاراس و شوان و نووسەرە جددیەکانی تر، لەڕاستیدا بڕوا ناکەم هادی المهدی بەقەدەر هەموو تەمەنی هێندەی ئەم ماوەیە ناوی هاتبێت، لەگەڵ کێشدا؟ لەگەڵ ڕێبین هەردی، بگرە ئەمە ئەو قازانجەیە کە المهدی چاوەڕێی ئەکرد، لەمەشدا سەرکەوتوو بو...
بەدیوێکی تریشدا، زەرەرمەندی گەورەتریش، خوێنەری جددیە، چونکە کەسانێك هەن کە بە تەوسەوە چاوەڕێی نووسینەکانی ڕێبین و برادەرەکانی وەك (بەختیار علی، مەریوان قانیع، شوان ڕحمد، ئاراس علی، فاروق ڕفیق... هتد) ئەکەن، ئیتر خۆ ئالاندن لەم مەسەلانەدا زەرەر و وەخت بەفیرۆدانە و مەشغوڵ کردنی ڕێبینە لە ئەرکە گەورە سەرەکییەکەی خۆی کە ئەویش ئەرکی پیرۆزی گۆڕان و ڕیفۆرمی فیکری کۆمەڵگایە، لەبەر ئەوە کوفری فیکرییە ئەم کەسە بەم جۆرە کارانەوە بئاڵێنرێت، لەبەر ئەمە، ئەگەر بواری تکایەك لەم مەسەلەیەدا هەبێت، ئەوا من حەز ئەکەم تکا لە ڕێبین بکەم کە چیتر درێژە بەم مەسەلەیە نەدات و بگەڕێتەوە لای نووسین و کیبۆرد و پەینجەکانی خۆی، تا لەمە زیاتر لە ئەرك دوا نەکەوێت...
ڕوون و ئاشکرایە کە سەرمایەی فیکری ڕێبین سەردەمانێکە جێگەی دامەزراوی خۆی هەیە و ناسراوە تازە ئەستەمە بە چەند وتارێکی نزم و زەمی کەسانێکی چەوت بلەقێت (مەسەلەیەکی کوردی هەیە کە لێرەدا گونجاوە بوترێت و پڕاو پڕی ئەم مەسەلەیەیە، بەڵام من هەڵیئەگرم بۆ هوشیاری خوێنەر) ، لەبەر ئەمە، وەسف کردنی ڕێبین بە کۆمێنتەری یاری تۆپی پێ، لە چەند لایەنێکەوە هەڵەیەکی گەورەیە و کاکی "دەرهێنەر" ی تێکەوتووە، پێش هەموو شتێك کاری کۆمێنتەری یاری تۆپی پێ کارێکە وەك بوارەکانی تری کار پیرۆز و بەرزە و لەسەر المهدی پێویستە ڕێزی بگرێت، لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەم بوارە جۆرەها زانستگا و زانکۆ و چەندین بڕوانامەی لەسەر وەردەگیرێت و کۆمێنتەرەکانیش کەسانی گەلێ خاوەن پلە و پایەن لە کۆمەڵگادا، ئەگەر کاری ڕێبینیش وەك چۆن کۆمێنتەرێکی وەرزشی کۆمێنت لەسەر یارییەکی تۆپی پێ دەدات و ڕووداوەکانی شی بکاتەوە، ئاوا کۆمێنت لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان و فیکرییەکان و فەلسەفییەکان بدات و شییان بکاتەوە، ئەوا ئەمەش پیرۆزییەکی ترە کە کاکی "دەرهێنەر" بە نا مەبەست داویەتی بە ڕێبین، چونکە کەم جۆر لە کەسان هەن کە بتوانن کۆمێنت لەسەر ڕووداوەکان بدەن و لۆژیکییانە شییان بکەنەوە بە ئەندازەی ڕێبین و هاوتاکانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-7-2007 1:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەڕاستیدا هەست ئەکەم کێشەی المهدی ئەوەیە بە ڕۆحییەتی کۆمەڵگای شۆفێنی عەرەبی خوارووی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکان دەکات و هێشتا ئاسەواری ئەو باودۆخە ئاشکرایە لەسەری، بۆیە هەست دەکات کە کەسێك خۆی هونەرمەند نەبێت (بۆی نییە) ڕەخنەی لێ بگرێت، واتا لە فەرهەنگی ئەودا هێشتا دربڕینە ڕەقینەکانی وەك (بۆت نییە، ناتوانیت، نابێت... ) لەمەسەلە فیکرییەکاندا ئامادەیە، بەدیوێکی تردا، دوو ڕووییەکی زەق لە نوسینەکانیدا ئامادەیە، چونکە لە پەرەگرافێکی نووسینە کوردییەکەیدا ئەڵێ (من بۆخۆم خاوەنی دەستمایەی هونەری خۆمم و ئەوە هونەرمەندان و جەماوەریشە کە دەتوانن بڕیاری ئەوە بدەن کە تا چەند سەمایەدارم لە توانای هونەریدا) لێرەدا "دەرهێنەر" جەماوەری وەك حەکەم قبوڵە، کەچی هەر دوای تەنها یەك دێڕ لەم نووسینە بە ڕێبین ئەڵێ (ڕێبین هونەرمەند نییە و ئەوەندەش لە هونەر نازانێت تا بڕیار لەسەر توانای هونەری من بدات) ، نەخێر لەسەری دەڕوات و ئەڵێ (مافی خۆمە لە لایەنی هونەرەوە ئەسڵەن گوێی لێنەگرم و وەڵامی نەدەمەوە) ، من ئەپرسم ئەگەر المهدی ڕێبینی بە هونەرمەند قبوڵ نەکرد، ئەی بۆ وەك جەماوەر قبوڵی نەکرد؟ خۆ ڕێبین نەیوتووە من وەك هونەرمەند ڕەخنە ئەگرم، لە ڕاستیشدا کەم و کورتیەکانی دەرهێنانی ئاریا ئەمەندە زۆر و زەبەند بوو کە هیچ پێویست ناکات کەسێك هونەرمەند بێت بۆ ئەوەی ڕەخنەی لێبگرێت، بەڵکو ڕەخنەکان خۆیان دێنە قسە، پاشان بەلامەوە سەیرە ئێستاش لای ئەم "دەرهێنەر" ە (گوێ لە ڕەخنە گرتن) مافە و بەدەست خۆیەتی!! واتە بەمانایەکی تر و بە حسابی ئەم کەسە، ئەوا بە ئارەزووی خۆیەتی گوی لە ڕەخنە و ڕایەکەی تر و بۆچوونە دژەکان و جیاوازییەکان بگری یان نا، جا کەوایە، ئیتر کاکی "دەرهێنەر" بۆچی ڕەخنە لە جوڵانەوە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەگرێت، خۆ لەوانەیە ئەوان زیاتر گوی لە ڕەخنە بگرن وەك لە المهدی، لێرەوە، هەم ڕاستی ئەو دروشمەی کە المهدی لەڕووی دیموکراسیەوە بەرزی کردووەتەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارو گومانەوە، هەمیش تەفسیری ئەوەمان دەداتی کە بۆیە کاکە مەهدی حەپەساوە بە تێکەڵاوبوونی (ڕێبین) ێکی عەلمانی لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان و بۆیان ئەنووسێت و کوڕ و ڕاهێنانیان بۆ ئەکاتەوە و ئەمە بە مۆلەقی فیکری و دوو ڕوویی و ساغ نەبوونەوە لەقەڵەم ئەدات، چونکە پێدەچێت لای کاکە مەهدی وابێت کە تۆ عەلمانی بویت ئیتر نابێ تەنانەت گوزەرێکیش بەبەردەم بارەگای حیزبێکی ئیسلامیدا بکەیت، کە کردت ئیتر مورتەزەقە یاخود ساغ نەبووەوەیت، لەحاڵێکدا ئەمە لە فەرهەنگە فیکری مەدەنیدا (پێکەوە ژیان) و (قبوڵکردنی جیاوازییەکان) و (مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدی دا وەك بوونەوەر و مەوجود) ە...

ئەم نووسینەی من، تەنها شکاندنی بێدەنگی خۆم بوو لەمەڕ ئەو نووسینانەی المهدی، خۆ ئەگەر مەسەلە بێتە سەر ئەوەی کە باس لە سیناریۆ و دەرهێنانی بەرهەمەکە خۆی بکەین، ئەوا ئەو چەند ئەڵقە کەمەی کە پەخش کرا بەسە بۆ ئەوەی چەندین نووسینی ڕەخنە ئامێزمان هەبێت، بەڵام بە یەك ڕستە، ئەڵێم (زنجیرەی ئاریا، کارێکی وای کرد کە بەبێ ویستی خۆمان، ناچار بووین لەزۆر ڕووەوە خۆمان لە سەنگەری دیفاعکردن لە هەڵسوکەوتی قاعیدە دا بدۆزینەوە، لەو کاتەدا کە لە بنەڕەتدا نەك دژیانیین، بەڵکو تاسەر ئێسقان چەپیشین) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.